## بانکی پرسیاری بابەتی سایکۆلۆژیای گشتی

**پ / گشتگیرترین پێناسە بۆ ئەمانەی خوارەوە بنوسە :**

**1- دەروونزانی   - هاوسەنگی هەڵچوون   - پاڵنەر :        - زیرەکی**

**پ / ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە ووشە و دەستەواژەی گونجاو پڕبکەوە :**

1- لایەنی ______ تایبەتە بەو مرۆڤە هەڵچووەی کە لەسەر زاری خۆیەوە باس لە هەڵچوون و گۆڕانکارییە فیسیۆلۆژییەکانی دەکات .

2- وروژێنەرە دەرەکییەکان ______ و ______ دەگرێتەوە .

3- دەروونزانی پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ______ و ______ ، ئەم پەیوەندییە لە لێکۆڵینەوەی کەسێتی مرۆڤدا دەردەکەوێت .

4- هەڵچوونی ______ بەردەوام لەدوای سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئامانجێک دروست دەبێت .

5- بە بۆچوونی ______ تا پاڵنەرەکانمان بەهێز بێت هەڵچوونەکانیش ئەوەندە بەهێز دەبن .

**پ / نیشانەی ڕاست ( √ ) یان چەوت ( × ) لەبەردەم ئەمانەی خوارەوە دابنێ هەڵەکانیش ڕاست بکەوە ئەگەر هەبێت .**

1- دەروونزانی جیاوازی تاکایەتی بە لقێک لە لقە تیۆریەکانی دەرونزانی دادەنرێت .

2- هاوکێشەی رەفتار لای فرۆید بریتیە لە ( ورووژێنەر ←——— وەڵامدانەوە ) .

3- ڕێباز و قوتابخانەی مەعریفی گرینگی دەدات بە پرۆسە نەستییەکان .

4- بەبڕوای ماسلۆ ئەگەر مرۆڤ درک بە چالاکیەکانی مێشکی خۆی بکات ئەوا دەتوانێت بیرکردنەوە لە بیر یکات .

**پ / وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە :-**

أ- تەنها سێ ( 3 ) جیاوازی بنووسە لەنێوان سۆز و هەڵچوون .

ب- نەخشە شێوازی کاری پاڵنەر بکێشە .

ج- پێنج ( 5 ) لە گرنگترین ئەو هۆکارانە بنووسە کە کاریگەرییان لەسەر کەسایەتی هەیە .

**پ / پێناسە بۆ ئەمانەی خوارەوە بنوسە**

- بیرهاتنەوە   – زیرەکی ( ستیرن )   - سۆز .

**پ // هەڵچوون چەندین خاسیەت و تایبەتمەندی جیاوازی هەیە ئەو تایبەتمەندیانە چین روونی بکەوە ؟**

**پ //  ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە ووشە و دەستەواژەی گونجاو پڕبکەرەوە .**

١- ______ لە دەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤە و رووداو و کارەساتە ناخۆشەکان و زانیاریە زیاد و بێ سوودەکان لە بیردەباتەوە .

٢- پاڵنەرە ______ ئەو پاڵنەرانەن مرۆڤ لەو ژینگەی تیایدا دەژێت فێریان دەبێت .

٣- جۆن واتسن لەساڵی 1891 لە ئەمریکا ڕێباز و قوتابخانەیەکی نوێی دامەزراند بەناوی ______ .

٤- زانیارییەکان لە ڕێگای کەناڵی فێربوونی ( بینین و بیستن ) بە ڕێژەی ______ پارێزگاری لێدەکرێت لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردن .

**پ // وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە :**

١- توێژینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە یەکێک لە گرنگترین هۆکارە ژینگەییەکان کە کاریگەری لە سەر زیرەکی هەیە چینی کۆمەڵایەتییە .

٢-یەکێک لە بوارەکانی دەروونزانی تیۆری دەروونزانی گەشەکردنە توێژینەوە لەسەر گەشەکردنی مرۆڤ دەکات .

٣-ڕێباز و قوتابخانە سەرەکییەکان بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی دیاریدە دەروونیەکان چین ؟

**پ // جۆرەکانی بەئاگایی چین ؟ بیانژمێرە و باسیان بکە .**

**پ // پێداویستیەکانی مرۆڤ چین بە پێی قوچەک ( هەرەمی ) ئەبراهام ماسلۆ یەک بەدوای یەک بەوێنە وەڵامەکەت روونبکەوە .**

**پ/ کاریگەری هەڵچوون لەسەر بیرکردنەوە و پرۆسە عەقڵییەکان چیە ؟**

**پ/ پەیوەندی چیە لە نێوان سۆز و هەڵچوون ؟**

**پ/ تایبەتمەندییەکانی هەڵچوون بژمێرە .**

**پ/ گرنگترین هەڵچوونەکانی مرۆڤ تەنها بژمێرە و باسی یەکێکیان بکە .**

**پ / هەڵچوون چیە ؟ لایەنەکانی هەڵچوون بژمێرە ؟**

**پ/ پرۆسەکانی بیرهاتنەوە چیە بیاننوسە .**

**پ/ ئەتکنسۆن و شفرین بە پێی تیۆەکەیان پێیان وایە مرۆڤ سێ جۆر بیرهاتنەوەی هەیە ؟**

**پ / بیرچوونەوە چیە و جۆرەکانی بیرچوونەوە بژمێرە .**

**پ/ ئەو هۆکارانە چین کاریگەریان لەسەر بیرچوونەوە هەیە ؟**

**پ /چارەسەرە گونجاوەکان چین بۆ بیرچوونەوە ؟**

**پ/ بەئاگایی چیە و جۆرەکانی بە ئاگایی بژمێرە ؟**

**پ/ فاکتەرەکانی تێکچوونی بەئاگایی چین ؟**

**پ/ ئەو هۆکارانە چین کاریگەرییان هەیە لەسەر جیاوازی تاکایەتی ؟**

**پ/ تایبە تمەندی جیاوازی تاکایەتی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دا بژمێرە ؟**

**پ/ لقە تیۆریەکانی دەروونزانی گشتی چین ؟**